وەڵام بە هەندێ قەڵەم قەساب

# "عەلی كیمیایی" هەر شایان بە سێدارەی هەڵەبجەییەكانە ؟

## ئاسۆعەبدوللەتیف

ئەم ووتارە ئەگەرچی هەڵگری ماكێكی توندەو بیروڕای تایبەتی خۆمە وەك كەسێكی ڕۆژنامەنوسی هەڵەبجەیی و بەركەوتەیەكی چەكی كیمیایی لە 1988/3/16، هەمانكات وەڵامدانەوەی ئەو كەسانەشە كە ئاگایان لە ئازاری ئەو شارە نییەو خۆیان لێ بۆتە مرۆڤدۆستی سپێشڵ و بۆ هەندێ مەرامی تایبەت و ئایدۆلۆژی، بازارگەرمی ئەوە ئەكەن كە باش نییە عەلی كیمیایی لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێ، رای من ئەوەیە باشترین دیاری بۆ هەڵەبجەو تۆخكردنەوەی یادەوەرییە جەرگبڕەكانی ئەو شارە هێنانی عەلی كیمیاییە بۆ هەڵەبجە لە قەفەزی ئیتیهام و رسواییدا، ئەوەش دواپلەی ڕەزالەت و سەركزی بەعسیەكانەو لەگۆڕنانی بەشێكی شۆفێنیزمی عەرەبییە لە خاكی هەڵەبجەدا ئیدی پێویست ناكات بەناوی كولتوری لێبوردەیی و ئاشتی و مرۆڤپەروەری كوردییەوە كە وەهمە، لە خۆمانەوە كارەساتێكی گەورەی وەكو هەڵەبجە هەراج و هەرزانفرۆش بكەین؟! خۆش لەوەدایە هەندێ لەو قەڵەمانەی كە ئێستا بازارگەرمی حیزبی لەو پرسە ئەكەن و بوونەتە هیومانیزم و لێبوردە، لە سەروەختی جەنگی ناوخۆی كوردیدا "قەڵەم قەساب" بوون...! بەڵام دەبێ بزانرێ بەجێهێنانی ئەو پرۆسەیە لە هەڵەبجە پەیام و وانەیەكی كرداریشە بۆ هەر زڕە دیكتاتۆرێك كە بیر لە ئەفسانەی خۆ سەپاندن بكاتەوە بەسەر خەڵكی هەژارو نەداری كورددا.. لەگەڵ ڕێزیشم بۆ هەر رایەكی پێچەوانە،

ئاسۆعەبدوللەتیف

حزب فێری یاریەكی زۆر ترسناك و شەرمهاوەر بووە بەوەی كە هەر كارێك كە خۆی پێی نەكرا خێرا گەندە قەڵەمەكانی ئەخاتە كار تاوەكو قومارەكە هەر چۆن بێت بباتەوە یان بەلای خۆیدا بیشكێنێ، حیزب دەزانێ بە هێنانی عەلی كیمیایی بۆ هەڵەبجەو ئیعدامكردنی لەو شارە وێرانەدا و لەناو تەپوتۆزی شارو هاتنی دەیان كەناڵ و میدیاو سەدان رۆژنامەنوس و خەڵكانێكی سیاسی و حیزبی بۆ هەڵەبجە بە قورسی و نەنگی ئەشكێتەوە بەرووی دەسەڵاتی كوردیدا، كە ئێستا دەسەڵات نایەوێت گوێ بۆ ئەو نەغمەیە بگرێ كە بەرپرسیارێتی ئەو قەنارەیە لە ئەستۆ بگرێ و ناخوازێ عەلی كیمیایی لە هەڵەبجەدا بەر تۆڵە بكەوێ و بە دیوەكەی تریدا شكستی ئاوەدانكردنەوەی ئەو شارە دەركەوێ، ئەوەتا مالیكی بە زمانی خۆی ئەو پێشنیارە ئەخاتە بەردەم بەرپرسانی كوردو ئەوانیش پشتگوێی ئەخەن، دیارە لەو پرۆسەیەدا رووە ناشیرینەكانی وێرانەیی ئەو شارەو كزۆڵی و بێنانی و هەژاریی دانیشتوانە قوربانیدەرەكەی هەڵەبجە بۆ جیهان دەرئەكەوێت و ئیدی ئەزانرێت حكومەت و حیزب و دەسەڵاتی كوردی دوای سەدام، دوای 16 ساڵ، دوای راپەرین، دوای ئەو هەموو داهات و پارەو ئیمتیازە، دوای سەردانی كۆڵن پاوڵ، چ كەمتەرخەمییەكیان نواندوە بۆ هەڵەبجە؟! نەیانتوانیوە تاقە جادەیەك.. پاركێك.. هۆڵێكی رۆشنبیری.. سەكۆیەك.. مخۆزەخانەیەك.. دروست بكەن؟!

بۆیە لێرەو لەوێ هەندێ قەڵەمی سەیر بەدی ئەكەین كە دیارو ئاشكرایە ئەو قەڵەمانە لەلایەن كێوە دنە ئەدرێن و كام كورەی ئاگر جۆش ئەدەن، كە گوایە ئەمانە ناخوازن (عەلی) لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێ بەو بیانوەی بەعسیەو گڵاوەو خاكی هەڵەبجە پیس ئەكات و بۆكورد خراپەو بڵاوكردنەوەی كولتوری خوێن و توندوتیژیەو عەرەبمان لێ ئەخرۆشێ،

وەك ئـەوەی کـورد تائێـستا توندوتیـژو خوێنرێـژ نـەبوبێ لـە جەنگـەکانی براکوژیـداو قـەت عـەرەبی لـێ نەخرۆشـابێ و هەمیشە بە ئاوی شیرین شەڕی کردبێ؟! وەك ئەوەی کە ژمارەیـەکی زۆر شـەهیدو کەمئەنـدامی شـەڕی ناوخۆمـان نـەبێ و فایلمان وەك سویسراوسوئید بێت؟

ئـەم قەڵەمـە دنـە دراوانـە دەڵـێن لـەباتی ئـەو سـێدارەیە پێویـستە شـەقام و خانوەکـان پـەرە پێبـدەن و ماڵـەکان ئـاوەدان بکەنەوەو ژیارو شارستانیەت و شیعرو موزیك و شانۆ بگەڕێتـەوە بۆ ئـەو شـارە؟ ئەمـە راسـتە بـەڵام کـەی و چـۆن و ئـەو قسەیە بۆ کێ ئەکەن؟ بۆ کـەڕەکان یـان کوێرەکـان؟! ئەوانـەی ئـەو قسـە پوچگـەرایە ئەکـەن خۆزگـە ئەوەنـدەش جورئـەتیان هەبایە رەخنەیـەکی ئاوەدانکردنـەوە بـدەن لـە رووی سـەرۆکی حیزبـەکانیان و شـەرمەندەیان بکـەن بـە وێرانـی هەڵەبجـە و برسێتی دانیشتوانەکەی؟ ئـەرێ دەمیـان بۆچـی بـۆ ئـەو(سـێدارەیە کـە نـەکرێ لـە هەڵەبجـە) گـەرم و بـۆ ئـەم (رەخنـە لـە نـا ئاوەدانی هەڵەبجە) سارد وەك دەمی مردوو. لەراستیدا ئەو گەنـدە قەڵەمانەی کـە خۆیـان لـێ بۆتـە قەڵـەمی هیومـانیزم و مرۆڤپەروەرو دیموکرات و لیبراڵ، زۆر بێئاگاو بێ ئەزمونن و هـیچ لـە مێـژووی گـەلانیش نـازانن و بـێ ئاگاشـن لـە ئـازاری ئەو شارەو رەنگە هەندێکیان دوای کیمیایی بارانی ئەو شارە شەهیدە پێیان ئەتك و شـەرمیش بوبێت شەوێك لە هەڵەبجە بخەون و هەناسەیەك لەهەوای ئەو شارە هەڵمژن نەوەك ببورێنـەوە بە بۆنی کیمیایی، ئـاخر رۆژنامـەنوس و نوسـەرمان هـەبوو کـە لـەکاتی ڤیستیڤاڵەکاندا ئەهات بۆ هەڵەبجە ئاوی مەعدەنی لەگـەڵ خۆیـدا ئـەهێنا!! هـەیانبوو دەسـتە سـڕی ئەگرت بە لوتیەوەو عەینەکیش بۆ چاوەکانی!! مەسئول هەبوو ئەیووت(هەڵەبجە بەعەمـەل نـەماوە) وەك ئـەوەی هەڵەبجـە خۆی بووبێتە مادەی سام و موشیع و سیانیدو خەردەل، ئەمانە بایی تۆزێك مەعریفەی سیاسیان نییـە کـە هەسـت بـەوە بکەن ئەمە نە کولتوری توندوتیژی و نـە تۆڵـەیە و بـەڵکو ئیجرائاتێکی یاساییەو و یەکێکە لـە پرەنسیپەکانی دەوڵـەتی یاساو دیموکراتیك و خەونێکـە تـا هـەموومان بزانین لـەو شـوێنەی تـاوان ئەکـەیت بەرانبـەر خـەڵك، چاوەڕوانبە هـەر لـەو شوێنەش سزاکەی بچنیتەوە، ئیتر بۆچی ئەمە بپێچرێ بە کۆمەڵێ وەهم و لاوازی و غەیبوبە و لامان وابێ کورد باشترین دەوڵەتی دیموکراتی و لیبراڵـی و ئینسانی پـەیرەو ئـەکات، ئەوانـەی کـە نایانـەوێ عـەلی کیمیـایی ببرێتـە هەڵەبجـە بـا لـە سوچێکی راپۆرتەکەی "هیومان رایتس وۆچەوە" نیگایـەك بگـرن لـە زینـدانی و گرتوخانـەکانی نـاو ماڵـی کـوردی و بـزانن چی ئەخوێننەوە لە کولتوری تۆڵەو توندوتیژی و کارەساتباری..!؟

ئـاخر هەڵەبجە وەکو خزمـەتگوزاری نییـە، چانـسی تۆڵـە سـەندنەوەی بـدەنێ و بهـێڵن ئـەم وێـسگە مێژوییـە بـەرێکات و بیقۆزێتەوەو خۆی پیشانی رای گشتی جیهانی بدات کە ناکرێ شارێ کە خاوەنی گەورەترین کارەسات بێت کەچی بـەو وێرانەییـە بژی و ئاووکارەبـاوو خـەوو خـۆراکی نـەبێ، زۆرمـان ووت بـۆ ئاوەدانکردنـەوە دادی نـەبوو؟ووتمان نامانـەوێ پەرلەمان بمانخەنە سەر ئێران دادی نەبوو؟ مینۆمێنت سوتاو نەفرەت لە وێنەی شەهیدەکانیشمان کرا هـەر دادی نـەبوو؟ موقاتەعەی دەنگدانمان کرد دادی نەبوو؟ بە زبری و توڕەییش لەبەردەم سەرۆکدا لە قەڵاچوالان رەخنەمانگرت هەر دادی نـەبوو؟ رۆژنامـەکانمان بـە نارەزایـەتی و ئـیعتراز رەش رەش کـردەوە دادو بێـدادی نـە بـوو؟ ئێـستاش ئەتانـەوێ کـام شەفاعەت بۆ عەلی کیمیایی بکەن تو ویژدانی نوستوتان؟ بۆیە هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان لە هەر کات زیاتر وەك جولەکە پێویستییان بـەوە هەیـە تۆڵەیـەکی سیاسـی و مـەعریفی و هەژێنـەری قـوڵ بکەنـەوەو جارێکی دیکـە کێـشەی هەڵەبجـە بەنێودەوڵەتی بکەنەوە و لە بێدەنگی و پەراوێزی کوردی و عەرەبی رزگاری بکەن، تا هەڵەبجە بیسەلمێنێت ئێستاش سومبولەو رۆحی نەتەوەی کوردەو هیچ پێویستی بە حیزب و بەو قەڵەمە وەعزنوسانەش نییە؟